## کوردی کەرکوک .. خۆتان کەرکوک ئازاد بکەن. . ئەبوبەکر کەرکوکی

( (دەشی ئەم نووسینە وەکو بیرۆکەی پرۆژەیەك سەیر بکری، بابەتێکە بۆ گفتوگۆکردن و خزمەتکردنی دۆزی کەرکوك ودۆزینەوەی رێگەچارەی دروست بۆزووتر چارەسەرکردنی و دروستکردنی رای گشتی بۆ گوشاری زیاتر بۆسەردەسەڵاتداران ورێگەنەدان بە سازشکردن و خاوە خاوی زیاتری هێزو حزبە کوردییەکان وبوارنەدان پی یان بۆ لەپریاسکەنان ودواخستنی، ئەمەش بۆ دژایەتیکردنی هیچ حزب وهێزێك نییە، با کەسیش نەلەدژی ونەلەپەناشیدا بەتەمای خواردنی نان و پیاز نەبێ پێوەی. ) )
****************************

شاری کەرکوك هێشتا هەر داگیر کراوەو هێشتا تەواو ئازاد نەبووە هەرچەندە بەرووکەش، هەندی پۆستی ئیداری شارەکە بەدەست حزبە کوردییەکانەوەیە، بەڵام ئەوان تاکوئێستا نەیانتوانیوە دێوەزمەی تەعریب راوبنێن و هەوڵی سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەتەکانی سەدامیشیان بەجیددی نەداوە. ئەوەتا زیاترلە (7000) خێزانی عارەبی هاوردە دەیانەوی بۆ ناوچەکانی خۆیان لە خوارووی عێراق بگەڕێنەوە، کەچی سەرکردایەتی کورد ئامادە نییە دەسبەرداری برێك پارە بێت و چاوی لەدەستی بەغدایە پارە بداتە عارەب و بیانێرێتەوە !!!!!!!؟؟؟؟نەیانتوانیوە وەکو پێویست خزمەتی کوردستانێتی کەرکوك بکەن وموجامەلەی دوژمن وناحەزانیش سەرباره. لە جیاتی هەڵاتن و چۆڵکردنی کەرکوك و هەڵوێستی بەرگری وداواکردنی عەفو لەکورد، هەندی لەعارەبە هاوردەکان. کەوتوونەتە کورد کوشتن و داڵدەدانی تیرۆریستان. ئەمەش لەسۆنگەی لاوازی و بوودەڵەیی وبی نموودی دەسەڵاتی کوردییەوەیە لەشارەکەدا، وای کرد کە هەیبەتی کورد بشکێ، کەبەپاساوی (سەردەمی توند وتیژی بەسەرچووە و بەیاساو سیاسەت مافەکانتان وەردەگرینەوە و. . . هتد. ) ئاوارەیان بەرووت ورەجاڵی و بی سەنگ و لەناو کەلاوەوچادرگە پیشانی عارەب و جەبهەی تورکی داو بە مەکەن مەکەن و وانابی و راوەستن، گوڕو تین وتوانای کوردی کەرکوکیان خەساند!!.

بە هەر حاڵ، ئەوەی لێرە مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر، زەنگێکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوی کەرکوك بکەنە مارکێت و گیرفانیانی پێ گەرم بکەن و هۆشیارکردنەوەیانە لەو گوناە وتاوان و کەمتەرخەمیانەی کەدەرهەق بەکەرکوك وکەرکوکییەکان دەکری.

ئەم کەرکوکە زێدی دەیانی وەکو کاك ئازاد هەورامی و سیروان تاڵەبانی و ئەنوەرەکان و مامەریشە و شوانەکان و شاهۆو نازم حەمەی سلێمان وعیززەدین قەرەمحەمەد و مەلا محێدین و ئەرپە وسەیدبرایم و سەدانی وەکو ئەحمەد کەریم و هیواچیمەنی و مام هەژارو مولازم سیروان و دکتۆر هادی و هەزاران سەرهەنگ وفەرهەنگ و پێشرەو و ئارام و ئازاد وبەختیار و کامەران و. . و. . . و ئەمانە وهاورێکانیان نموونەی بەرزو باڵا بوون لەبەرگری وسەرجەم سەنگەرەکانی داکۆکیکردن لە شیو و دۆڵ و زورگ وشاخەکانی کوردستاندا، بەبی هیچ جیاوازیکردنێك، تاکو رۆژی شەهید بوونیشیان و بەدەیان شێوازی جیاجیا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان داوە و لەسەختترین هەل و مەرجی سیاسی و گوشاری بێ وێنەی رژێم نەپرینگاونەتەوەو نەسڵەمیونەتەوە، چ خۆیان، یان دایك وباوك، یان خوشك وبرایان گیراون و زیندانی کراون و ئامادەش نەبوون لەژێر هیچ گوشارێکدا، هیچ جۆرە سازشێك لەپێناوی مانەوەی خۆیان، یان دایك وباوك و کەس وکاریاندا بکەن. زۆر بەداخەوە ئەوەتا بێ

ئەمەكی ئەوانەی لەسایەی خوێنی گەشی ئەو سەدان هەزار شەهید و قوربانی وئاوارە وئەنفالە كوردەی كەركوك دا، بوونەتە سەركردەو لێپرسراوی بڕیاردەر، ئەوەتا سەرباری دزین و خواردنی بەری رەنجی ئەو هەموو شەهیدانەمان، دەمێ سوكایەتیمان پێ دەكری، دەمێ دەڵێن كەركوك پیاوی تیا نییە و دەمێ بەبڕیاری قەرەقوش و بەعسیانە لەسلێمانی و هەولێر تەرحیل دەكرێین و دەردەكرێینە ناوكەلاوەی ناو سەربازگە و یاریگاكانی كەركوك، لەزەوی و خانووبەرە لەسلێمانی بێبەش دەكرێین. لەوەتەی رژێمی سەدامیش رووخاوە كەركوكیان تالانكردو، هەردووحكومەتەكەی سلێمانی و هەولێر تائێستاش لە دادۆشینی سەروەت و سامانی كەركوك، لە بردنی كارەبا ونەوت وبەنزین وگاز و بەرهەمەكانی درێغییان نەكردووە، كەركوك تەنها بۆ دۆشینە، بۆ دۆشینی فرمێسك و ئارەقەو خوێن ورەنجی بێوەری كەركوكییەكانە. یەكێكی تر لەوبارە قورسانەی كەهەولێر و سلێمانی لەجیاتی بار سووكی، بوونەتە هۆی، ئەویش گرانكردنی خانووی ماڵە عارەبەكانە كەلە سەرەتاوە لەترسا هەموویان بەجێیانهێشت، كەچی ئەوان هاتن و كەوتنە كڕینەوەیان بە ئیغرا كردنی عارەب و، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەوانەی كە رۆیشتبوونەوەش، بۆكەركوك بگەڕێنەوە (ئەمە خیانەتە؟ یان ئەوەی لەوپەڕی بێ دەرەتانی وبی رێگەو جێگەیی كەركوك جێدێڵی و لەهەموو دەنگدانێكیش لەبەر باری ناسك و هەستیاری كورد، بە ماڵ ومنداڵەوە دێنەوە كەركوك و دووسێ رۆژ لەمالان دەكەون؟؟!!) ئەوەی تاكە جیاوازییە لەنێوان یەكێتی وپارتی، ئەوەیە كە ئیدارەی سلێمانی ماوەیەك (3-5) ملیۆن دیناری دایە ئەو پێشمەرگانەی كە دەگەڕێنەوە بۆ كەركوك، گوایە بڕی (70) ملیوَن دۆلاریشیان داوەتە دەستی هەندی كەسی خۆیان لەكەركوك كە بیدەنە ئەو گوندنشینانەی دەوروبەری شارەكە بۆئاوەدان كردنەوەیان، (ئەوەش خوا دەزانی) هەروەها لەچەند گوندێك، چەند ماڵێك، یەكی دوو دۆشەكەڵەیان درا پێ!!

ئیتر سەد بارتەقای ئەوەی كردوویانە (دڵ و قودسی كوردستان) كەركوكیان داچۆڕیوەو دادۆشیوە. بەشەڕە پەڕۆو حزبایەتی وژەنگ هەڵێنان دژی یەكتر و موجامەلەكردنی دوژمن و ناحەزو بێگانە، هەست وسۆزو هۆشی كوردایەتییان لەناوماندا كاڵ كاڵً كردەوە و سڕییەوە و فێری ئەوەیان كردین، چۆن لەجیاتی ئەوەی بەگژ دوژمن و ناحەزو بێگانەدا بچینەوە و گیانی لێبوردنمان لەناو خۆماندا و بەرانبەر بەیەكتر هەبێ. بە پێچەوانەوە تۆوی ناكۆكی و دووبەرەكی ورق و كینەیان لە نێوانماندا چاند، ئەوەتا دكتۆر بەرهەم سالح راشكاوانە وراستگۆیانە دەڵێ لێمان قبول مەكەن حزبایەتی بكەین لە شارەكەتاندا، دواترگەیشتە ئەوەی زۆر بێباكانە و بێ منەتانە گەورەترین ڤیستیڤاڵی كوردانەی كەركوكیەكان لە دەنگدانی بەلادا خستنی تەرازووی هێزی كوردایەتیدا، بە هەند وەرنەگرن و لەپێناوی كورسی و دەسكەوتی حزبی و شەخسیدا چەندین مانگ ئەنجوومەنی پارێزگای كەركوك دوابخری، گەیشتە ئەوەی كە لە ئۆفیسی كەركوكی كۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكاندا، پارتی ویەكێتی لەرقی یەكتری پۆستەكە لەدەست كورد بدەن و بكرێنە قوربانی ویست و ئیرادەی خۆپەرستانەی تاكە كەس و گەندە و مشەخۆرانی حزبی لەكەركوك. ئەمە لە كاتێكدا كەركوك وكوردی كەركوك پێویستیمان بە یەك دەقیقە كاتیش هەیە كە بەفیرۆنەدری بۆ زووتر لەبەر یەكهەڵوەشاندنەوەی تەعریب و تەرحیل و تەدمیری شارەكەمان، كە (اجعف الایمان) جێبەجێكردنی ماددەی (58) ی یاسای كاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە. كە بە داخەوە، نەیانهێشت كوردی پاك و تێكۆشەری كەركوك هەرخۆی شارەكەی خۆی و دەورو بەرەكەشی لە هەموو خڵتە و تەعریب ودزو جەردەیەك پاك بكاتەوە، ئەوە جگە لەوەی لەجیاتی دیاری بۆ منداڵانی كەركوك، هاتن بەدوو جۆر مەنهەج

و دووجۆر كتێب لەناو قوتابخانەكانی كەركوك سەریان لە منداڵەكانمان شێواند و كەركوكیان كردە قوربانی دەسەڵاتەكانی خۆیان لە هەولێرو سلێمانی. بۆ ئەوەی دڵی عەرەبە شۆڤێنیستەكانی وەكو یاوەر و عەللاوی وجەعفەری و مەڕڕجەعیەكانیش ڕازی بكەن، كەوتنە موجامەلەكردنی عارەب لەسەر حیسابی برینە قووڵەكانی كەركوك و داتاشینی زاراوەی پڕوپووچی وەكو (عارەبی ڕەسەن، كەركوك شاری برایەتی وتەبایی، كەركوك عێراقێكی بچووككراوەو. . . هتد) دەیان قسەی بێ سەرو بەری سازشكارانە.

ئەم ناوچەگەری و خۆپەرستی وخۆجیاكردنەوەیەی دهۆك و سلێمانی لەشارەكانی تری گوردستان سەنگەرو ریزەكانی كوردایەتی توند وتۆڵ و پتەو ناكات و بە پێچەوانەوە درزی گەورە دەخاتە ئەو نێوانە و دوژمنان سوودی لێ وەردەگرن و خراپ بەكاری دێنن جگەلەوەی سیمای هەردوو حزبەكەی ناشیرین دزێو كردووە، بەڵام ئەمجارەیان نابی لەسەر جەستەی پڕلەزام و برینی كەركوك و كەركوكییەكان بێت، چونكە دوای ئەو هەموو شەهید وقوربانییەی كەركوكییەكان بۆ پێكەوە نانی ئەو هێلانەیەی ئەوان بی جیاوازی داویانە، كەچی ئەوان ئامادە نین شانێك بدەنە بەر ئەم بارە قورسەی كەركوك، ئامادەن بە ملیار دۆلار لە جوانكردنی ( (شارەكانیان=سلێمانی ودهۆك) ) وكۆشكەكانیان خەرج بكەن، كەبە دڵنیاییەوە دەڵێم نیوەی ئەو پارەیەی كەلە جوانكردنی دهۆك وسلێمانی خەرج كراوە بەشی تەواوپاككردنەوەی تەعریبەكەی كەركوكی دەكرد.

ئەم فەرق وجیاوازی یە لەكاتێكدایە، كەركوك و كەركوكیەكان كە كرۆكی كوردایەتی و چەقی قورسایی دۆزی ڕەوای كوردستان و كوردایەتین، لە هەموو كات وساتێك زیاتر پێویستیمان بە كۆمەك و دەسگیرۆیی و هاوكاری هەیە بۆئەوەی كەركوك لە قورگی ئەژدیها دەربكەین، ئەگەر، ئەگەروئەگەرێكی تریش مەبەستیان دەربازكردنی كەركوك بێت!!!؟.

لێرەوە بە هەردوو حزبە گەورەكەم گوتووەو دەڵێم ئێوە بە كێش و قورسایی كەركوك و كەركوكیەكانەوە هەن و دەخۆن ودەخوڕن، بە پاڵ دۆزی كەركوكەوە لە هەموو هاوكێشەكاندا جێگە و ڕێگەتان كراوەتەوە و دەكرێتەوە، ئەگینا نابن بەهیچ و دەشپووكێنەوە. هەقیش وایە هیچی تر بوار بە مشەخۆرو گەندە خۆرەكانی ناوحزبەكانتان نەدەن كە برینی قووڵتر بخەنە جەستەی كەركوك وكەركوكیەكانەوە و زیاتر بمانڕەتێنن و بمانچەوسێننەوە بمانكەن بەگژیەكتردا بە پەتای حزبایەتی بمانكەنە ئاردی ناودڕك!!!تاوەكو لە بەرانبەر ویژدانی كەس وكاری شەهید و پێشمەرگە وئەنفال و ئاوارەی كەركوكدا لەسەر لەخۆبایی بوون و گەندەڵی و بێ نمەكی وگوناهباریتان دادگایی نەكراون، وەرن داوای لێبووردن لە كوردی تێكۆشەرو خەباتگێڕی كەركوك بكەن و دەستی دایك وباوكی شەهیدان وپاشماوەی ئەنفالەكان ماچ بكەن وئەم دوا هەل ودەرفەتە لەدەست خۆتان مەدەن و لەخۆبایی بوونتان هەڵتان نەخەڵەتێنی. وەرن تاكو بەبەریەوە ماوە هەرچی مشەخۆرو گەندەخۆرتان هەیە سیكتریان بكەن و بگەرێنەوە بۆ باوەشی گەرمی گەل و دوور مەكەونەوە، با دۆزی كەركوكیش كە چەقی قورسایی دۆزی كوردە نەبێتە قوربانی گیرفانی چەند كەسێكی خائین و خۆپەرست!!!!

وا كوردی تێكۆشەروپشوودرێژوبەئەمەك وبەوەفا بۆ دۆزی ڕەوای كوردایەتی، كەوتوینەتە بیركردنەوە و هەڵوەستەكردن لەو هەموو فەرق وجیاوازی كردن و زوڵم و ناهەقییەی كە ئێوە لێمانی دەكەن. كەوتووینەتە گومان لە و هەموو موزایەدەو قسە ودروشمە بریقەدارو دیماغۆگیانەی كە ئێوە پێمانی دەفرۆشن. ئیتر هۆشمان هاتۆتەوە بەر و ناچینە مەیدانی شەڕەپەڕۆوە و چی تریش نابینە پەیژە و پلیكانە بۆ گەندەومشەخۆران و گەورەیی و پیرۆزی كەركوك وباوەگوڕگوڕ دەكەینە مەشخەڵی سەرەكی وبنچینەی ڕاستەقینەو تاك و تەنیای

ئامانجمان ولەجیاتی رەنج و ماندووبوون بۆ پێگەیاندنی مشەخۆرو گەندەخۆری ئەو حزبانە، ئیتر دێین و رەنج وماندووبونمان بۆ کەرکوکی کوردو کوردستان تەرخان دەکەین، ئێمە هەرماندوین ماندووین، نەحەساوەین و نەسرەوتین ئیتر بۆچی بۆ کوردایەتی و کەرکوک نەبی؟؟!! بۆچی رێگە بدەین رەنجمان بدزرێت و کەرکوکیشمان لەدەست بچی؟!

ئیتر پێکەوە کوردایەتییە پاکو بێگەردەکەی خۆمان دەکەینە سەرمەشق و رێبازەکەی کاك ئازاد هەورامی ومامە ریشە و ئەرپەو هاورێکانیان دەکەینە ئاوات وئامانجمان و رێگەش نادەین لەوە زیاتر کەرکوك بخرێتە قورگی ئەژدیهاوە. وەرن. . . . . . .

* ئەوەی عارەبی هاوردەیە و بێگانەیە لە کەرکوك دەری بکەین.

*ئەوەی سووکایەتی بە کەرکوکیەکان بکات رسوای بکەین.

*ئەوەی حزبایەتی وشەڕەپەڕۆی کرد وکەرکوکیەکانی لەیەکتر دڕدۆنگ کرد پەراوێزی بکەین.

*ئەوەی موزایەدەی درۆو دەلەسەی بەسەرکەرکوکەوە کردپەراوێزی بکەین.

*ئەوەی دزی وگیرفان پڕکردنی کردە پیشە لەسەر برینەکانی کەرکوك، شاربەدەری دەکەین.

*ئەوەی موجامەلەی دوژمنە شۆڤێنیستە دژەکانی کوردو کەرکوکی کرد سیکتری بکەین.

*ئەوەی خۆی بە خزمەتکاری بەکردەوە وراستەقینەی کورد و کەرکوکییەکان نەزانی پشتگوێی بخەین.

*ئەوەی لافی کوێخایەتی کەرکوك لێدەدات و بێزی نایەت ماڵ و منداڵی بێنێتەوە بۆکەرکوك گوێی لێ نەگرین.

*ئەوەی کەرکوك بەکوردستان نەزانی و سازشی لەسەربکات، رسواو مەحکوم ونەفرەتی لێ بکەین و شاربەدەریشی بکەین.

با کوردستانێتی کەرکوك بکەینە ئامانجی پیرۆزی کوردایەتی وسونبولی یەکێتی و یەکگرتنمان هەمووومان لە دەوری کۆببینەوە.

************************************

سەرنج: وێنەی بۆ رۆژنامەکانی کوردستانیش دەچێت بۆبڵاوکردنەوەی وەکو پرۆژەیەك بۆدروست کردنی دایەلۆگ.